# هونەری رەسەن بە زیندوویی دەمێننەوە و کاری دیکەش تەمەنی کورتە

بەشداربوونی ئافرەتی کورد لە مەیدانی هونەردا بەتایبەتی گۆرانی و موزیك بەشداری کردنێکی بێ بەرنامە وپەیامی و هونەری نەبوو، چونکە پەیامی ئافرەتی کوردیان دەگەیاند، پەیامێك کە دوو لایەنە بوو لەلایەك پەیامی مرۆڤێکی ستەمدیدەی خاك زەوت و داگیرکراو، لەلایەکی دیکەشەوە پەیامی ئافرەتێك کە تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئافرەتە لەوانەیە تووشی چەوسانەوە ببێتەوە و مافی بخورێت واتە مافی ئافرەتی کورد لە دوو لاوە پشتگوێ خراوە ئەویش کورد بوون و ئافرەت بوونە.

نارین فەقێ وەك زۆربەی ئەو ئافرەتانەی ئێستا لە بواری گۆرانی و موزیك خزمەتی هونەری کوردی دەکەن لە هەمان کاتدا پەیامێکی تایبەتی خۆیان دەگەیەنن، نارین فەقێ بەرهەمی پێشووی بە ناوی (هیڤی) بوو کە یەکێك لە گۆرانییەکانی تایبەت بوو بە باس کردنی کێشە و مەینەتیەکانی ئافرەتی کوردی و دواتریش بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاویکردەوە.

(هیڤی)یەکەی نارین پەیامێك بوو بۆ پاراستنی مافی ئافرەتی کوردی، چونکە ئەگەر تەماشای مێژووی کێشەی توندوتیژی بکەین، دەردەکەوێت کە تایبەت نییە، نارین لەو گۆرانییەدا هەوڵی چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە دەدات.

نارین سەبارەت بەو بەرهەمەی دەڵێ: وەك ئافرەتێکی کورد بە ئەرکی سەر شانی خۆمم زانی کە بە بەرهەمێکی گوزارشت لە ئازار و مەینەتییەکانی ئافرەتی کورد دەکەم، بەداخەوە دوای ئەوەی بینیم کەوا ئافرەتی کوردی دووچاری چەوساندنەوە دەبنەوە، بۆیە بڕیارمدا بە کارێکی هونەری پاداشتی دایك و خوشکی ئەنفالکراو وکەسوکاری شەهیدانی کوردستان بکەم، بۆیە ئەم بەرهەم وەك دیاری بوو بۆیان، هەروەها دەمەوێ ئەوە بە بیر ئافرەتان بهێنمەوە کە تاکیکی سوودبەخشن لە نێو کۆمەڵگادا گرنگییەکی زۆریان هەیە لە پیشخستن و پەرەپێدانی ئەم وڵاتە.

> **بە ئەرکی سەر شانی خۆی زانیوە بە بەرهەمێکی گوزارشت لە ئازار و مەینەتییەکانی ئافرەتی کورد بکات**

نارین پێیوایە کوردستان لەزۆربەی روویەوە پێشکەوتووە لەوانەش بواری هونەری گۆرانی و مۆسیقا کە دەبینین هونەرمەندان بەردەوامن لە پیشکەش کردنی بەرهەمی نوێ، ئەو دەڵێ: هونەرمەندە ئافرەتەکان تا رادەیەکی زۆر سوودیان لەو بارودۆخەی کوردستان وەرگرتووە بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك بە ناو هونەرمەندە هەن کە تا رادەیەك لە هونەری کوردی دووركەوتوونەتەوە، بەڵام لەمەدا جەماوەر خۆی کاری رەسەن لە کاری کرچ و کاڵ جیا دەکاتەوە، چونکە کاری رەسەن کە هەڵقوڵاوی کلتوری رەسەنی کوردییە و لە ناخی ئەم میللەتەوە دەرکەوتووە بە زیندوویی دەمێننەوە و کاری دیکەش تەمەنی کورتە.

نارین کە لە دایکبووی شاری دێرکاحەمکۆی رۆژئاوای کوردستانە، دەربارەی کاریگەری باوکی لەسەر دەرکەوتنی دەڵێ: لەبەر ئەوەی باوکم خۆی هونەرمەندە بۆیە کاریگەریی زۆری لەسەر من و کارە هونەرییەکانم هەبووە، باوکم هەستێکی هونەری بەرزی هەیە، ئەو پشتگیرییەی باوکم زۆر پێویست بوو بۆ من، لە گشت بەرهەمەکانم هەر لە سەرەتاوە تاکو بڵاو دەبێتەوە بە هەموو شێوەیەك هاوکاریم دەکات، چەندین جار لە پێناو سەرکەوتنی کارەکەم و بۆ ئەوەی بێ کەموکوڕی بێت، سەردانی کوردستان و وڵاتی دیکەی ئەورووپی دەکات خۆشتان دەزانن ئەنجامدانی کاری هونەری لە ئەورووپا زۆر زۆر زەحمەتە، باوکم باش درکی بەوە کردووە کاری رەسەنی بەها و قەدری خۆی هەیە لە نێو جەماوەر، بە گشتی دەتوانم بڵێم جگە لە سۆزی باوکایەتی هەمیشە وەکو هاوڕێیەکیش هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکات.



**بەرهەمی پێشووم جیاواز بوو**

لــە زۆربـــەی بەرهەمەکانی نارین فەقێدا هەستێکی نەتەوەیی بەدەی دەکرێت کە گوزارشتە لە پارچە پارچە بوونـــی وڵات و بێبەش بوونی نەتەوەیەك لە سادەترین مافەکانی ژیان، تەنانەت قســە کردنیش بە زمانی کــوردی قەدەغە بوو، نارین فەقێ لــە دوایین بەرهەمی خۆیدا جەخت لەســەر پاراســتنی زمانی کــوردی دەکات لە فەوتان و لەناوچــوون بۆیە بەرهەمەکە بە ناوی (زمانێ دایێ) یە کە یەکێکە لە گۆرانییەکانی بەرهەمەکە و لە تێکستی شاعیری هێژا و هەست ناســك ئەدیب چەلکی و ئاوازی میهاد عەلییە و ئەم گۆرانییە لەلایەن ڤین پرۆدیشکنەوە کلیپی بۆ کراوە.

نارین دەربارەی ئەم بەرهەمـــە دەڵێ: لە هەر کارێکدا من پەیامێکی نەتەوەییم هەیە دەمەوێ بیگەیەنم، لەم ئەلبوومـــەدا پەیامی من ئەوەیە کــە زمانی کوردی بە ســـەردەمێکی ناخۆش و ئاڵۆزدا دەڕوات ئەویش بەهۆی فشاری وڵاتانی داگیرکاری کوردستانەوە کە بەر لە هەموو شتێك هەوڵ دەدەن زمانی و کلتـــووری کوردی لەناو ببەن، بۆیە هەموو هەوڵەکانیان چڕ کردۆتەوە بۆ ئـــەوەی نەوەکانی داهاتوومان لە زمانی کوردی بێبەش بن بەتایبەتی لەو پارچانەی کوردســـتان کە تا ئێستا ژێر دەست و داگیر کراون، لە رووی هونەریشـــەوە ئـــەم بەرهەمە تـــا رادەیەکی زۆر جیـــاوازە بۆیە تەکنیکی بەهێز و ســـتایلی نوێ و تەنانەت ئامێری موزیکی جیاوازیشـــی تێدا بەکار هاتووە.

نارین هەر سەبارەت بە (زمانی دایێ) دەڵێ:من هەمیشـــە لە کارەکانمدا پشت بە ئاوازی کوردی دەبەســـتم بۆیە زۆر لە ئاوازەکانی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرین، تێکســـتی گۆرانی (ئاوازی دایێ) کەســـێك دایناوە کە رۆشنبیرە و شـــارەزاییەکی زۆری لە هەیـــە دەربارەی شـــیعر و ئەدەبیاتی کوردی ئەویش کاك ئەدیـــب چەلکییە، پێموایە کارێکـــی لەو جـــۆرە بۆ ئێســـتا زۆر گرنگ و پێویســـتە، چونکە بەداخەوە بەشـــێکی زۆر لە ئێمە شـــارەزاییان دەربارەی زمانی کوردی نییە، تەنانەت گەنجەکانمان لە کوردستان و لە دەرەوەش نازانن چەند جـــۆرە زاراوەی کوردی هەیە، بۆیە دەمەوێ لە رێگای ئەم گۆرانییەوە منداڵەکانمان تا رادەیـــەك زانیاریان هەبێـــت دەربارەی زمانی کوردی و بۆ ئـــەوەی ئەو بێســـەروبەرییەی بە زمانی کوردییەوە دیارە نەمینێت .

نارین پێیوایـــە ئەم گۆرانییـــە کلیپێکی زۆر جوانـــی بۆ کراوە و هیوادەخوازێت لە رێگای ئەم گۆرانییەوە پەیامی نەتەوەیی خۆی گەیاندبێت، و دەڵێت: من ئەمە بە ئەرکی ســـەر شانی خۆم دەزانم، چونکە زمانی کوردی پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەکە بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمینێتەوە.

# لە کۆی ٩ فیلمی سینەمایی بڵندی فیستیڤاڵی دهۆک، ٥ فیلمی بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر بوو

**پشتیوان عەبدوڵڵا**

بە بەشـــداری ١٥ وڵات فیســـتیڤاڵی نێودەوڵەتی ســـینەما لە دهۆك بەڕێوەچوو، ئەوەی گرنگ و ســـەرنجڕاکێش بوو لە فیســـتیڤاڵەکەدا بەشـــداری فیلمە بڵندەکان بوو کە ٩ فیلم لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی فیستیڤاڵەکەدا بەشدار بوون و بریتی بوون لەم فیلمانە:

١- (ئەگەر بمری دەتکوژم )دەرهێنانی سینەماکاری کورد هونەر سەلیم- فەرەنسا.

٢- (یەکەمین رۆژی بارانی) دەرهێنانی ناجیە سەلیمی –بۆکان ئێران.

٣- (هێلانە سووتاوەکان) دەرهێنانی شەهرام مەسلەخی –ئێران.

٤- (١٠ چرکە) دەرهێنانی ئاکۆ عەزیز- هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی سینەمای سلێمانی.

٥- (سێگۆشـــەی مەرگ) دەرهێنانی عەدنان عوسمان هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر.

٦- (شیرین) دەرهێنانی حەسەن عەلی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر.

٧- (کا وار) دەرهێنانی هشیار زێرۆ هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر.

٨- (لە حەشارگەی شێردا) دەرهێنانی فکری بەرۆژی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر.

٩- (یەك مومك دوو مومك) دەرهێنانی جانۆ رۆژبەیانی هەرێمی کوردستان.

ئەگەر سەیرێکی فیلمە بەشداربووەکان بکەین دەبینین پشکی شێر وەبەر بەرهەمەکانی سینەمای هەولێر کەوتووە کە پێنج فیلمە لە کۆی نۆ فیلم ئەمەش رێژەیەکی بەرچاوە، هەر پێنج فیلمەکەش بە ســـتایل و شێوەی جیا لەرووی ناوەڕۆکەوە دەرکەوتن.

فیلمی (شیرین) فیلمێکی رۆمانسی تازە بوو لە ستایلی سینەمای کوردی، فیلمی (لە حەشارگەی شـــێردا) یەکەمین فیلمی سینەمایی ئەکشـــنی کوردی بوو، (فیلمی سێگۆشەی مەرگ) بە ستایل و جۆرێکی جیاواز خۆی نوانـــد تا رادەیەك فیلمێکی دەروونی و فانتازی بوو لەرووی فۆرمەوە فیلمێك بوو گفتوگۆ و دیالۆگ زۆری لەخۆ دەگرت.



هەروەك پێشبینیش دەکرا و پێشتریش لە وتارێکم ئاماژەم پێدا کە خەڵاتی ســـەرەکی فیســـتیڤاڵ رەنگە بە کورد و ســـینەمای کوردی نەدرێت، لەوانەیـــە لەبەر ئەوە بێت کـــە فیســـتیڤاڵەکە نێودەوڵەتییە یاخود هەر وانیێکی تایبەتی دیکە هەبێت، بۆیە لیژنەی دادوەران زیرەکانە خەڵاتی ســـەرەکییان بە فیلمی (ئەگەر بمری دەتکـــوژم)ی هونەرمەند و سینەماکار هونەر سەلیم دا، لەبەر دوو هۆ:

یەکەمیـــان: فیلمێکی فەرەنســـییە و رەنگـــە لای ئەوانیش فیلمێکی جوان بوو.

دووەمیان: دەرهێنەرەکەشی کوردە.

یانـــی بە هـــەردوو لا قازانجە و باڵانســـەکە رێکدەخات، هەڵبەتـــە ئەمـــەش لـــە کاتێکدایـــە کـــە هونەرمەنـــدی ســـینەماکار (هونەر ســـەلیم) پێویســـتی بە خـــەڵات کردن نییـــە، ئەو لـــەوە دەرچـــووە کە خـــەڵات بکـــرێ، چونکە بووەتە هێمایەکی دیاری سینەمای کوردی، پێویستە کەسانی دی و گەنجانی تازە پێگەیشتووخەڵات بکرێـــن و هان بدرێن، دەکـــرا خەڵاتێکی رێزلێنانی تایبەت بە هونەر ســـەلیم بدرێت یاخود لە بنەڕەتدا فیلمەکانی میوان بوایە و لە بەشی پێشبڕکێی سەرەکی نەبوایە.

بە هەر حاڵ پیرۆزبایی لە فیســـتیڤاڵی نێودەوڵەتی ســـینەما لە دهۆك دەکەین و پیرۆزبایی تایبەتیش بۆ (هونەر سەلیم)ی سینەماکار و دەستخۆشیش بۆ بەڕێوەبەرایەتی سینەمای هەولێر کە توانی بە پشکی شێر بەشداری فیستیڤاڵ بکات و تا رادەیەکیش قوربانی بدات !!

# بریانکا شوبرا بەشداری لە ئۆسکاردا دەکات

راپۆرتە هەواڵەکان رایانگەیاند کەوا فیلمێکی رۆمانسی هیندی هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی بەشداری لە بەشی فیلمە بیانییەکانی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتی ئۆسکاری ساڵی ٢٠١٣دا بکات.

ئەم فیلمە لە دەرهێنانی ئەنوەر ئادج باسۆیە بە ناونیشانی (بارفی) و باس لە چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان کچێکی کەڕ و کچێکی تووشبوو بە نەخۆشییەکی دەروونی دەکات، هەروەها لە پێشبڕکێدا بەسەر ١٩ فیلمی دیکەی هیندیدا سەرکەوت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتیی هیندستان بکات لەم کۆبوونەوەیەی هونەرمەندانی سینەما لەسەرتاسەری جیهاندا، پێشتریش لە ١٤ی سێپتێمبەر نمایش کرا و خاوەن زۆرترین جەماوەر بوو لەسەر ئاستی هیندستان و رەخنەگرانی سینەمای هیندی ستایشی رانبیر کابۆریاو کچە ئەکتەری هیندی بریانکا شۆبرایان کرد لەو فیلمە، شایەنی گوتنە کەرتی سینەما لە هیندستان ساڵانە سەدان فیلم بەرهەم دەهێنێت، بەڵام تا ئێستا هیچیان خەڵاتی ئۆسکاریان بەدەست نەهێناوە.





# کاتێک ئەستێرەکانی هۆلیۆد بێهۆش دەبن

کات بەسەربردنی شەوانەی ئەستێرەکانی هۆڵیوود لە یانەکانی شەوانە و بێهۆش بوونیان بەشێکی سەرەکی و نەپچڕاوەیە لە ژیانیان.

بەڵام رۆژی دواتر کە وێنەکانی خۆیان دەبیننەوە هەست بە پەشیمانی دەکەن ودەزانن چۆن خۆیان خستۆتە بارودۆخێکی ناخۆشەوە و رۆژنامەکانیش رەحمیان پێ ناکەن و وێنەکانیان بڵاو دەکەنەوە، لێرەدا وێنەی چەند ئەستێرەیەکی بەناوبانگ

# شارۆن ستون پیر نابێت

له چوارچێوەی هەفتەی مۆدەی میلانۆدا، شارۆن ستۆنی ئەستیرەی سینەمایی ئەمریکی دوای رۆژێك لە دەرچوونی لە نەخۆشخانە بەهۆی تووشبوونی بە شەقە سەرە.

دەستی بە هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی کۆمەك کرد، ستۆنی تەمەن ٥٥ ساڵ، بە پەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە، ئەمەش پرسیاری زۆری لای ئامادەبووان دروستکرد بەوەی کە ستون ناتوانێت لە سەرۆکایەتی کردنی ئەو لیژنەیەی دانراوە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و کۆمەك بۆ تووشبوانی نەخۆشی ئایدز بەردەوام بێت، بەڵام دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە لەبەردەم رۆژنامەنووساندا وەستا بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی تەندروستیی باشە و هەمان








## ...ۆش دەبن

بڵاودەکەینەوە کە لە کاتی بێهۆش بوون و دواتر خۆیان بینیوە و پەنجەی پەشیمانیان گەستووە و بگرە ئامادەبوون بڕە پارەیەکی زۆریش بدەن تەنیا بۆ ئەوەی وێنەکانیان بڵاو نەبێتەوە.

کات بە تەلەفزیۆنی رۆیتەرزی راگەیاند:» سوپاستان دەکەم، هەست دەکەم من باشترم و تەندروستیم بەرەو باشتر دەڕوات و زۆر خۆشحاڵم بە ئامادەبوونم لەو رێورەسمەدا و هەست دەکەم بوونی من لەو شوێنەدا مانایەکی زۆری هەیە» هاوکات دەزگای ئەمریکی بۆ توێژینەوەکانی ئایدز بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا رایگەیاند کە تەندروستیی ستون زۆر باشە.





# جنیڤەر لە ریکلامێکدا گاڵتە بە خۆی دەکات

دوای زنجیرەی (Friends) خانمە ئەکتەری ئەمریکی جنیڤەر ئەنیستۆن هیچ کارێکی سەرکەوتووی پێشکەش نەکردووە کە شایەنی باس کردن بێت ،دواتریش کەوتە داوی خۆشەویستی جاستین تیرۆکسەوە وبەپێی چەند سەرچاوەیەك ئێستا بەدوای شوێنێکی گونجاودا دەگەڕێن بۆ ئەوەی ئاهەنگەکەیانی تێدا ئەنجام بدەن.

بەم دواییە جنیڤەر بەشداری کرد لە ریکلامێکی تەلەفزیۆنی بۆ کۆمپانیایەکی ئاوی خواردنەوە و ئەمەی بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی لە ریکلامەکە دەرکەوێت، بەڵام بە جۆرێك کە بینەر پێی وابێت ئەمە راستییە، ریکلامەکە باس لە دانانی کامێرای چاودێری دەکات لە ماڵی جنیڤەر و تێیدا جنیڤەر زۆر بە لە خۆبایی هەڵسوکەوت لەگەڵ یاریدەدەرەکەی دەکات و دواتر هەڵدەستێت بە پڕ کردنی حەوزی ماڵەوەیان بە ئاوی کانزایی و چەند کەسێکیش خەریکی ئەنجامدانی مەشقی وەرزشین، هەر لەم ریکلامەدا بۆ یەکەمجار جنیڤەر بە سکپڕی دەردەکەوێت،

## شیلان سەعدی:

# بڵاوکردنەوەی کەلتووری سینەما زۆر پێویستە

**شیلان سەعدی لە ساڵی ١٩٨٠ لە شاری مهابادی رۆژهەڵاتی کوردستان لــە دایکبووە، هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆســە لە بواری ســینەمایی لە زانکۆی تاران، یەکێك بوو لە بەشــداربووانی فیســتیڤاڵی ســینەمایی نێودەوڵەتــی لە دهۆك، شــیلان لەم دیمانەیەدا باس لە لایەنە باشــەکان و کەموکوڕیەکانی فیســتیڤاڵی دهۆك و چەند لایەنێکی دیکەی تایبەت بە سینەمای کوردی دەکات.**



سەرەڕای ئەو کەموکوڕیانەی لە فیستیڤاڵی دهۆك لە زۆر لایەنەوە گیران،شــیلان سەعدی کــە یەکێك بوو لــە میوانەکانی فیســتیڤاڵ و لــە رۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە هاتبوو، بە فیســتیڤاڵێکی ســەرکەوتووی دادەنێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: بەڕای من یەکێکە لە فیستیڤاڵە سەرکەوتوو و پرۆفیشــناڵەکان، چونکە فیلمی تێدا نمایش کرا کە لە ئاستێکی زۆر بەرزدابوون، هەست بە پیشــەگەری دەکرێت لە هەڵبژاردنی فیلمــەکان، فیســتیڤاڵەکە ئۆرگانیزەیەکــی زۆری بــۆ کراوە، بەتایبەتــی کورتە فیلمەکان لە ئاســتێکی زۆر بەرزدا بوون ئەمەش مایەی دڵخۆشییە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاتر لە ئێستا گەشبین بین بە داهاتووی سینەمای کوردی، چونکە کورتە فیلــم هەنگاوێکی گەورەیە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی درێژ.

شیلان ســەعدی کە لە شــاری مهابادەوە هاتبــوو دان بەوەدا دەنێــت کە هیچ کارێك بێ کەموکورتی نابێت ئەگەر لە هەر شــوێنێکیش بێت، شــیلان لەم بارەیەوە دەڵێت: ئاساییە گەر سازدانی فیستیڤاڵێکی سینەمایی نێودەوڵەتی لــە شــارێکی وەکو دهــۆك بۆ یەکــەم جار کەموکورتیشی تێدا بێت یان هیچ نەبێت بە دڵی هەمــوو لایەك نەبێت و گلەیــی جۆراوجۆریان هەبێت جا لە رێکخســتنی فیستیڤاڵەکە و ئەو فیلمانەی کە بەشــداربوون یان لە دابەشکردنی خەڵاتەکانــدا بێــت، بــەڵام هەرچۆنێك بێت فیستیڤاڵێك کە یەکەم جار بێت و بەو گەورەییە لە شــاری دهۆك ســاز بکرێت من بە هەموو شێوەیەك بە فیستیڤاڵێکی سەرکەوتووی دەزانم و دڵنیــام ئەگــەر کەموکورتیشــی هەبێت لە خولەکانی داهاتــوودا نامێنێت و هەر هەڵەیەك یان خاڵێکی ســلبی هەبێت سەرپەرشــتیارانی فیستیڤاڵ چارەسەری دەکەن.

شــیلان وەك ســینەماکارێك دوور لە شێواز و چۆنییەتی رێکخســتنی فیستیڤاڵەکە باس لە خاڵە باشەکانی فیستیڤاڵەکە دەکات بەتایبەتی لە رووی ئاســتی فیلمەکان و پێیوایە کە کورتە فیلمەکان لە ئاســتێکی زۆر باشــدابوون و بە بەراورد لەگەڵ ســاڵانی رابردوو پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانــەوە بینیوە و دەڵێت: ئەوەی زۆر دڵخۆشــی کردم ئاســتی کورتە فیلمەکان بــوو بەتایبەتی کورتە فیلمەکانی باشــووری کوردســتان هەر کە بینیم هەستم کرد لە هەموو روویەکــەوە زۆر پێشــکەوتووترن لەو فیلمانەی کە ســاڵانی رابردوو پێشــکەش کران، ئەمەش مایەی خۆشــحاڵی هەموو لایەکــە، چونکە کورتە فیلم بە بناغەیەکــی گرنگ دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمــی درێژ لە داهاتوودا، شــیلان ئامــاژە بــەوە دەکات کە ئێســتا بە دەگمــەن فیســتیڤاڵی نێودەوڵەتیی ســینەما هەیە کــە کورتە فیلمی کوردی تێدا بەشــدار

نەبێت و بەشدارییەکەشی کاریگەرە، ڕۆژانە هەواڵی کورتە فیلمە کوردییەکان دەبیستین لە فیستیڤاڵە جیهانییەکان ،ئەمەش نیشانەیەکی ئاشکرایە لەسەر بەرزیی ئاستی ئەم فیلمانە، لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی ڕوونیشە بۆ ئەوە کە سینەمای کوردی خەریکە بەرەو ئاستێکی بەرز هەنگاو دەنێت و لە جیهاندا زیاتر دەناسرێت.

ئەم کچە سینەماکارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سازدانی فیستیڤاڵەکانی تایبەت بە کورتە فیلم لە کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام بە هەنگاوێکی باش دەزانێت کە بوونەتە هۆکارێك بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم فیلمانە ،بەڵگەش بۆ قسەکانی ئاستی کورتە فیلمەکان دەهێنێتەوە یاد لەو فیستیڤاڵانەی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر پێشکەش کراون و ئەوانەی ئێستا پێشکەش دەکرێن بەتایبەتی ئەوانەی لە فیستیڤاڵی دهۆك نمایشکران لە ئاستێکی زۆر بەرزدابوون، هۆکارەکەشی ئەوەیە کاتێك فیلمی ئاست بەرز دەهێنیت لە فیستیڤاڵێکدا بەشداری پێدەکەیت ئەمە خۆی لە خۆیدا دروستکردنی کلتوورێکە بۆ سینەما، هیوادارم لە ساڵانی داهاتوودا فیلمە کوردییەکان بە گشتی بگەنە ئاستی فیلمە جیهانییەکان.

شیلان وێڕای ئەوەی کە دڵخۆش بوو بە ئاستی کورتە فیلمەکان و بە هەنگاوێکی باشی زانی، لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکات کە فیلمە درێژەکان لە ئاستێکی باشدا نەبوون و ئەمەش تا ڕادەیەك هەموو لایەکی دڵتەنگ کردووە، شیلان پێیوایە دەکرا فیلمە درێژەکان لە ئاستێکی باشتردا بن و خاڵی هەرە لاوازیی فیلمە درێژەکانی وەك هەموو لایەك ئاماژەی بۆ دەکەن بۆ لاوازی سیناریۆکان گەڕاندەوە و دەڵێ: کێشەی نەبوونی سیناریۆی باش لە هەموو فیلمە درێژەکان دەبینرا و دووبارە دەبویەوە، زۆر لە کێشەکانی فیلمەکان چارەسەر کراون بەتایبەتی لایەنی تەکنیکی، بەڵام گرفتی سیناریۆ هەر ماوە و خەریکە دەبێتە کێشەیەکی دیاری سینەمای کوردی بەتایبەتی لە فیلمە درێژەکان.

شیلان ئاماژە بە چارەسەر کردنی گرفتی سیناریۆ دەکات و دەڵێت: پێویستە زۆر بە جددی بیر لە چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە بکرێتەوە، ئێمە چەندین ساڵە هەر دەڵێین لە سەرەتای دامەزراندنی سینەمای کوردیداین، نازانم تاکەی دەبێ هەر ئەم قسەیە دووبارە بکەینەوە، ئێستا سینەمای کوردی هەنگاوی زۆر باشی ناوە، بەڵام گەورە بوون و پێشکەوتنی سینەمای کوردی کارێکە هەر لە خۆڕا نابێت و پێویستی بە کاری بەردەوام و بەرنامەڕێژی هەیە، پێویستە شوێنی تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی فێری بنەماکانی سینەمایەکی سەرکەوتوو بین و هەوڵ بدەین لەو کەسانەوە فێر بین کە لە بوارەکەدا شارەزا و پسپۆرن، هەروەها کەسانی پرۆفیشناڵ و خاوەن ئەزموون لە دەرەوە بهێنین بۆ کوردستان تاکو سوود لە ئەزموونەکانیان وەربگرین و لایەنە باشەکانیان لە سینەمای کوردی بەکاربهێنین و گرنگترین شت کە پێویستە بیری لێبکەینەوە و هەوڵی چارەسەر کردنی بدەین کێشەی سیناریۆیە کە من هەست دەکەم لە زۆر لایەنەوە سینەمای کوردی ڕێچکەی خۆی گرتووە و لەسەر ڕێگای ڕاست دەڕوات تەنیا سیناریۆ نەبێت کە هەموو لایەکمان لە سیناریۆدا هەست بە کەموکورتی دەکەین.

بڵاوکردنەوەی کلتووری سینەما پێویستی بە زەمینەسازی و بەرنامە هەیە، شیلان سەعدی لەم بارەیەوە دەڵێت: کاتێك فیستیڤاڵ ساز دەکەیت واتە کلتووری سینەما لە نێو کۆمەڵگادا بڵاو دەکەیتەوە، کە تۆ هۆڵت نەبێت بۆ نمایشی سینەمایی و خەڵك ئامادە نەبێت بۆ بینینی فیلمەکان (جا فیلمی کوردی بێت یان بیانی) کاتێك حکومەت وەکو پێویست پشتگیری لە سینەما و ئەو کەسانە نەکات کە فیلم بەرهەم دەهێنن و کاری سینەما دەکەن، ئەمانە هەموویان گرفتی گەورەن و دەبنە بەربەست لەبەردەم بڵاوکردنەوەی کەلتووری سینەما لە وڵاتدا، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە بینەری کوردی فێری ئەوە بووە سەیری فیلمی خراپ بکات، خراپ مەبەستم ئەوەیە کە ڕەنگە لەگەڵ دابونەریت وکلتووری ئێمەدا نەگونجێت ئەمەش کاریگەریی سلبی دەبێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئێمە کاتێك کاری باشمان نەبێت پیشانی بینەری بدەین، بینەر ناچارە کارە خراپەکان ببینێت، هەروەها نەبوونی هۆڵی سینەما بۆ بینینی ئەو فیلمانەی کە فیلمی ڕۆژن و فیلمی هونەرین، ئەگەر بینەر ئەم جۆرە فیلمانە ببینێت ئەو کات خۆی جیاوازی دەکات لەنێوان فیلمی باش و خراپ، فیلمی گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگای ئێمەدا و ئەو فیلمانەی کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە زیانیان هەیە بۆ تاکی کورد.

شیلان لە کۆتاییدا دەڵێت: بوونی کلتووری سینەما لە کۆمەڵگادا هۆکارێکە بۆ پێشخستنی سینەمای کوردی ئەگەر کەلتوورێکی سینەماییمان هەبێت، ئەو کات بینەر خۆی دێت داوای ئەوە دەکات چ جۆرە فیلمێکی دەوێت و فیلمی چ نەتەوەیەك لەگەڵ کەلتوور و دابونەریتی ئێمەدا دەگونجێت .

